هەر مسوڵمانێک کاتێک ساتی نوێژی فەرز دێت، بە جوانی وڕێکی: دەستنوێژ بگرێت وخشوعی هەبێت وڕکوع ببات، ئەوا ئەمە دەبێتە هۆی لێخۆشبوون لە تاوانەکانی

لە عوسمانەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «هەر مسوڵمانێک کاتێک ساتی نوێژی فەرز دێت، بە جوانی وڕێکی: دەستنوێژ بگرێت وخشوعی هەبێت وڕکوع ببات، ئەوا ئەمە دەبێتە هۆی لێخۆشبوون لە تاوانەکانی ئەگەر تاوانی گەورەی ئەنجام نەدابێت، وئەمیش بۆ هەموو کاتێکە».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیکردەوە کە هەر مسوڵمانێك کاتی نوێژی فەرز بێت، و بەکاملّی وجوانی وڕێکی دەستنوێژ بگرێت، پاشان خشوعی هەبێت لە نوێژەکەدا، وبە دڵ وئەندامەکانی ملکەچی خوای گەورە بێت وبیر لە مەزنی پەروەردگاری بکاتەوە، وکردەوەکانی ناو نوێژ وەکو ڕکوع وسوجدە وهتد ؛ بەجوانی وکاملّی ئەنجام بدات، ئەوا ئەم نوێژە دەبێتە هۆی لێخۆشبوون لە گوناهە بچووکەکانی پێشووی، بەڵام لێخۆشبوون لە تاوانە گەورەکان ناگرێتەوە، وئەم فەزڵ وپاداشتە لە هەموو نوێژێکدایە و بۆ هەموو کاتێك.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/6254